# ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنیسەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی

لەندەن / 30ئۆگۆستی 2006

## بانگەواز بۆ ڕێکخراوە پەنابەری و ئینسان دۆست ،مافی مرۆڤ و لایەن و کەسایەتی کان

حکومەتی بریتانیا بۆ جاری دووەم چەندین پەنابەری کوردی عێراقی ڕاپێچی گرتووخانە دەست بەسەرەکان کردوە لەکاتی ئیمزایکردنی پۆلیس وەیان حملەی شەوانەدا، بە پێ ئەو زانیاریانەی بەردەوام لەریگای پەیوەندی تەلەفونی یەوە لەگەل پەنابەرانی کورد لەگرتووخانەکانی (کۆلن برۆك ،دۆڤەر،کامسفیلد هاوس،هامەسورسەوە..)پێمان گەیشتوە ژمارەی ئەوپەنابەرە کوردانەی لەگرتووخانەکاندا ڕاگیراون نزیك بە 60 پەنابەرە بەپێ هەواڵەکان لە پەنابەرانەوە وەزارەتی ناخۆ فۆرمێکی بە پەنابەران داوە ئیمزای بکەن بۆ گەرانەوە بەزۆر لە بەرواری 5-9-2006 وە چەند سەرچاوە ئەوەیان ڕاگەیاندوە کە لیستی ئەم پەنابەرانە پێشتر دراوە بەحکومەتی هەرێمی کوردستان .

ئەم هەنگاوەی دەولەتی بریتانیا پێویستی فەوری بە دەربرینی دەنگی نارەزایەتی ئازادی خوازان و ئینسان دۆستان ورێکخراوە پەنابەری و نیهادو کەسایەتی یەکانە کە بە هانای پەنابەرانەوە بێن فریای دەیان پەنابەران بکەون کە لەبەردەم خەتەری ناردنەوەی بەزۆردان بۆ کوردستان .

دەولەتی بریتانیا پێچەوانە بەهەموو پرەنسیپێکی نیو دەولەتی و مافی مرۆڤەوە کەوتۆتە گیانی پەنابەران ،ئەمە جگە لەوەی کە دەولەت دەستی کردوە بە برینی سوسیال و لیسندنەوەی خانووبەرو وە ڤاوچەرو و لێسەندەنەوەی مافی کارکردن تا پەنابەران ناچار بکات ڕیگای گەرانەوەی بە ناو "ئارەزوو مەندانە" هەڵبژێرن.

دۆینێ بە هەرەشەکردن لەخاوەن کارگەو کۆمپانیاکان دەستی پێکرد تا مافی کارکردن لە کریکارانی کورد وەربگریتەوە ،ئەمرۆش بەگرتن وراپێچکردن بۆ گرتووخانە دەست بەسەرەکان و سجنی ئینفرادی و جیگۆرکێ کردن بە پەنابەران لەگرتووخانە دەستبەسەرەکان تا هیچ کەس بە هانایانەوە نەیەت و ناچاریان بکات مل بدەن بەگەرانەوە بۆ چارەنووسێکی نادیار.

ئێمە لەفیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی وەك هەمیشە لەریزی پێشەوەی بەگری لەمافەکانی پەنابەران کەمپێنێکی بەرفراوانمان بەرێ خستوە دژ بەم سیاسەتە دژ ئینسانی یە وە ڕۆژی 5-9-2006 لە لەندەن لەبەردەم وەزارەتی ناخۆ(Home office) کاتژمیر 12 تا 2 پاشنیوەڕۆ خۆپشاندان دەکەین ..کۆبوونەوەی نیو پەرلەمان ،پشتیوانی حزب ولایەنەکان و ئیمزا و نامەی پشتیوانی لایەناکان کۆدەکەینەوە..داواکارین بە هەر ڕێگەیەك پێتان دەکرێ نامەی نارەزایەتی بخەنە سەر باڵۆیزخانەکانی بریتانیا لە وولاتەکان وە یان خۆپشاندان ببەنە بەردەم نوسینگەو باڵویزخانەکانی بریتانیا.داوای ئازادی کردنی ئەو پەنابەرە کوردانە بکەن .دژ بە گەرانەوەی بەزۆری پەنابەران و داوکاری بەرەسمیت ناسینی مافی پەنابەری و مافی نیشتەجێکردن بن بۆ پەنابەرانی کورد.

### ناوی گیراوەکان لە گرتووخانەی کۆلن برۆك وە دۆڤەر و هامسۆرس وکافیڵد هاوس

---

1. هیمن قادر سالح
2. کاوە ئەحمەد سالح
3. شاهین هاوکار عەزیز
4. سوران محمد عەزیز
5. ئەحمەد کانەبی
6. بەختیار نامق
7. شیرکۆ محمد
8. دانا مستەفا
9. حمید رەفعت
10. شیرکۆ
11. فەرهاد

12. ئالان عەلی عبدوللە
13. ئارام عوسمان
14. هیمن عبدوللە
15. حەسەن فخرەدین
16. ئەحمەد نامق
17. قادر سالح
18. دیباگۆ
19. عوسمان عەزیز
20. عادل کاکۆ
21. بورهان نامق
22. هیوا ئەمین
23. ناسی محمد
24. محمد بەشیر
25. مستەفا هاوژیر
26. محمد شەریف
27. ئومید محمد
28. جیهان جەبار
29. عەزیز عمر
30. محمد هیمن عەزیز
31. سلیمان عبدوللە
32. مەریوان حمید عەزیز
33. فواد ئەحمەد
34. کارزان جەنگەر
35. سوران محمد عەزیز
36. شاهین هاوکار
37. قادر حسین
38. کاوە ئەحمەد سالح

**دەتوانن وینەیەکی نامەی نارەزایەتیٚ کانتان ئاراستەی ئەم ئەدرەسانەی خوارەوە بکەن**

---

d.jamal@ntlworld.com Burhan Fatahburhanfatah@aol.com Jasim Ghafurjasm_rg@yahoo.co.uk
Tel:/ 07739338178 Tel:/ 07866757213 Office Tell/ 0161 234 2784 ,www.csdiraq.com